بڕیاری پەرلەمانی ئەستۆنیا

پەسەندکردنی

چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا

پەرلەمانی ئەستۆنیا بڕیار دەدات: (چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا) پەسەند بکات

سەرۆکی پەرلەمانی ئەستۆنیا – توماس ساڤی

تالین، ١٢ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢

---

چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا

پێشەکی

چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا (لێرە بە دواوە پێی دەگوترێت EKAK) بەڵگەنامەیەکە کە وەسفی ڕۆڵە جیاوازەکانی کەرتی گشتی و کەرتی قازانج-نەویست دەکات کە تەواوکەری یەکترین، لەگەڵ پرەنسیپەکانی کارکردن بۆ گەشەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دەستپێشخەریی مەدەنی ڕۆڵێکی بنچینەیی هەبووە لە پێکهێنانی گەل و دەوڵەتی ئەستۆنیا. دروستبوونی دەستپێشخەریی گەل لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ هەمدا، چڕبوونەوە و بەرفراوانبوونی بووە مایەی ئەوەی بتوانرێت ئامانجە نیشتمانییەکانی ئەستۆنییەکان بهێنرێنە دی، یەکڕیزی پتەو کرد و بایەخی هەبوو لە ئاڕاستەکردنی سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتییدا. لە بواری پەروەردە و خەسڵەتەکانی ئەستۆنییەکاندا، کە ڕەگی قووڵی داکوتاوە لە نەریتە پەروەردەییەکانی کۆمەڵگەکاندا، لە چالاکیی هاوبەشیی ئاوێتەکردنی بەرژەوەندیی ئابووریدا لەگەڵ ویستی دوولایەنەی هاوکاریکردن، کۆمەڵگە ی هەماهەنگ؟؟ هاوئاواز؟؟ بوون بە لانکەی فەرهەنگە پرۆفیشنەڵەکەمان. لە هەمووی گرنگتر، لە ڕێی تۆری ئەو ڕێکخراوانەوە کە بە خۆیان دەستپێشخەر بوون و لە میانی حکومەتە ناوچەییەکانەوە، ئەستۆنییەکان ئەگەری بەشدارییکردنیان لە بەڕێوەبردنی بابەتە گشتییەکاندا خوڵقاند. ویست (ئیرادە)ی گەل بۆ هاوکاری بووە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەستۆنیا، و لە دوای داگیرکردنەکەش، گەڕاندنەوەی (وەک خۆ لێهاتنەوە، کە بگەڕێتەوە بۆ وەزعی جارانی). تەنانەت ئێستاش هەبوونی یەکێتییەکانی هاوڵاتییەکان پێویستە لە پێناو جەختکردنەوە لە درێژەدان بە پرۆسەی دیمۆکراسی لە ئەستۆنیا کە هەموو هاوڵاتیان بەشداریی تێدا دەکەن. بە گوێرەی نەریتەکانمان، مرۆڤی ئازاد و دەوڵەت دوژمنی یەکتری نیین، بەڵکو هاوبەشی یەکترین.

چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا (EKAK) بریتییە لە ڕاگەیەندراوی خۆتەرخانکردنی دوولایەنەی کەرتی گشتیی و کەرتی قازانج-نەویست بۆ پشتگیری و گەشەپێدانی ڕێکخراوی خۆ-دەستپێشخەری هاوڵاتیان. لە ڕێی دامەزراندنی یەکێتییە خۆبەخشەکانەوە، خەڵک ئەگەری نوێ دروست دەکەن بۆ دەربڕین و بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانیان، بەهاکانیان، و ئامانجەکانیان بۆ تاوتوێی گشتیی، و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژانەیان و بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی دوو لایەنە. ڕەچاوکردنی یەکێتییەکانی هاوولاتیان و هاوکاریکردنیان دەبێتە مایەی کاراترکردنی دەسەلاتە گشتییەکان و ڕەوایەتیی سیاسەتە گشتییەکان لە پێش چاوی هاووڵاتیان.

چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا (EKAK) پشت دەبەستێت بەو تێگەیشتنەی کە لە پێناوی چەسپاندنی رژێمێکی دیمۆکراتیی بەردەوام و گەشەسەندوو، پێویستە کەرتی گشتیی گوێ لە هاووڵاتییەکانی بگرێت و هاوکاری بکات لەگەڵ زۆرترینیان. پێویستە کەرتی گشتی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا ڕەچاوی بەرژەوەندی، بەها و ئامانجە تایبەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە و یەکێتییەکانیان بکات، و هەروەها بە جددی ڕەچاویان بکات لە حاڵەتێکدا کە کەمینە بن بە ژمارە. هاوکات، ئەزموونی مێژوویی کاریگەری ئەرێنیی چالاکییە خود-دەستپێشخەرییەکان دەسەلمێنێت. لە ڕێی جەختکردنەوە لە یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و دیمۆکراتییەوە، ئەندامانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکانیان و کەرتی گشتیی دەتوانن پێکەوە کار بکەن بۆ پاراستنی بەها بنچینەییەکانی ناو دەستوری کۆماری ئەستۆنیا: ئازادی، دادپەروەریی، ئاشتیی ناوخۆیی و دەرەکی، گەشە و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، گەل و فەرهەنگی ئەستۆنیا.

I. ئامانجەکان

چەمکی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەستۆنیا (EKAK) بناغەی شەراکەتی نێوان یەکێتییەکانی قازانج-نەویست و کەرتی گشتیی دادەمەزرێنێت، لەگەڵ چوارچێوەیەک بۆ گەشەپێدانی دەستپێشخەریی مەدەنی و پتەوکردنی دیمۆکراستی لە ئەستۆنیا.

ئامانجی دیاریکراو لە هاوکاری نێوان یەکێتییەکانی قازانج-نەویست و کەرتی گشتیی بە گوێرەی ئەم چەمکە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

1. هاندان و گەشەی دەستپێشخەریی مەدەنی و بەشداریی لە دیمۆکراسییدا
2. پشتگیریی لە بیرۆکەی کاری خۆبەخش وەک یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی کاری هاووڵاتیان،
3. باشترکردنی مەعریفە و پیادەکردنی ماف و پابەندێتی هاووڵاتیان لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، و سیاسی،
4. هەستی بەرپرسیارێتیی هاووڵاتیان لە بەرامبەر خێزانەکانیان، هاووڵاتیانی تر، گەڕەک، دەوڵەت، و جیهان،
5. بۆ ڕۆشنبیرکردن بەو بەها و پرەنسیپانەی بناغەی هاوکاری نێوان کەرتی قازانج-نەویست و کەرتی گشتیین، بۆ دانانی چوارچێوەیەک بۆ پابەندێتیی (ئیلتیزامات) هاوبەشەکان، مافەکان و پێشەنگێتییەکانی کار،
6. بۆ دامەزراندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کار و پتەوکردنی یەکێتییەکانی هاووڵاتیان وەک فاکتەرێکی پربایەخ لە گەشەی دیمۆکراسی،
7. بۆ داڕشتن و گەشەپێدانی سیسەمتێکی پشتگیریکار لە کەرتی قازانج-نەویست،
8. بۆ بڵاوکردنەوەی مومارەساتی هاوکاریی باش و ئاشنایەتی بە هاوکاریی دەستگا گشتییەکان، هاووڵاتیان و یەکێتییەکانی هاووڵاتیان.
9. بۆ بەشدارپێکردنی هاووڵاتیان و یەکێتییەکانیان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە پرۆسەی داڕشتن، جێبەجێکردن، و شیکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکان و کارە یاساییەکان، بۆ دروستکردنی کەناڵ و میکانیزمی پێویستی زانیاری،
10. بۆ دانپێدانان و ڕەچاوکردنی ماف و بەرژەوەندییە دیاریکراوەکانی ئەو هاووڵاتیانە یان یەکێتییانەی بە تەواوەتی نوێنەرایەتیی نەکراون یان ئەوانەی ئاگادارییان نییە لە ڕێکخستنی ژیانی گشتیی،
11. بۆ دروستکردنی ژینگەیەک پشتگیری بکات لە خێرەومەندێتی و خێرخوازیی، و بەشداری بە کەرتی بزنس بکات.

لەم بەڵگەنامەیەدا، چەمکی هاوڵاتی ئاماژەیە بە هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە ئەستۆنیا دەژین.

لەم بەڵگەنامەیەدا یەکێتییەکانی هاووڵاتیان بریتییە لە ڕێکخراوی جۆراوجۆر کە بە گوێرەی ئازادیی دامەزراندنی یەکێتییەکان دامەزراون کە هەوڵ بۆ قازانج نادەن، وەک ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دامەزراوەکان، یەکێتییەکان، تاد.

لەم بەڵگەنامەیەدا، سیستمی پشتگیریی لە دەستپێشخەریی مەدەنی بریتییە لە پەیکەربەندییەکی دامەزراوەیی (تۆڕێک) بە هاوکاری نێوان یەکێتییە قازانج-نەویستەکان و دەستگا گشتییەکان پێکهێنراوە بۆ مسۆگەرکردنی تواناداری و سەقامگیریی یەکێتییەکانی هاوولاتیان.

کۆمەڵگەی مەدەنی بریتیە لە هاوکارییەکی دەستپێشخەرییانەی خەڵک بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکان، تاوتوێی بابەتە گشتییەکان و بەشداریکردن لە پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیاردا، هەروەها ئەو یەکێتی و تۆڕ و دەستگایانەی بوار بۆ ئەم هاوکارییە دەڕەخسێنن.

II. پرەنسیپەکانی هاوکاری و بەهاکان

پێویستە نوێنەرانی کەرتی گشتی و کەرتی قازانج-نەویست هاوکاری یەکتری بکەن بە گوێرەی ئەم چەمکە بە پشتبەستن بەم پرەنسیپ و بەهایانەی خوارەوە:

1. کاری هاووڵاتیان

کاری هاووڵاتیان، دەستپێشخەری و بەشداریی خۆبەخشانە لە ژیانی گشتییدا بەشێکی تەواوکەرن لە کۆمەڵگەی دیمۆکراتی. دەسەڵاتە گشتییەکان پشتگیریی دەکەن لە ڕێی دروستکردنی ژینگەیەی لەباری یاساییەوە، ئاشناکردنی جەماوەر بە کارەکانیان و بە یەکێتییەکانیان لە پلاندانان و جێبەجێکردنی بڕیارە پەیوەندداره‌کان.

2. بەشداریی

ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکان کەناڵن لە کۆمەڵگەی دیمۆکراتییدا بۆ نوێنەرایەتی بەها و بەرژەوەندیی جیاواز، خەڵک زانیاری وەردەگرن لەسەر ڕەشنووسی بڕیارەکان و بیروبۆچوونی خۆیانی لەسەر دەردەبڕن. کاری کەرتی گشتیی متمانەی زیاتر دەبێت لە چاوی جەماوەردا ئەگەر ئەو پرۆپەزەڵانەی لە تاوتوێی جەماوەرییەوە سەرهەڵدەدەن لە لایەن سیاسییە بڕیاربەدەستەکانەوە ڕەچاو بکرێن.

3. ڕێز

لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا، کەرتی گشتیی و کەرتی قازانج-نەویست ڕۆڵیان جیاوازە، بەڵام سوود بە یەکتری دەگەیەنن. دەسەڵاتە گشتییەکان ڕێز دەگرن لە مافەکانی هاووڵاتیان و یەکێتییەکانیان لە چوارچێوەی دەستوردا ئامانج بۆ خۆیان دادەڕێژن و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.

4. شەراکەت

شەراکەتی نێوان یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و کەرتی گشتی بوار بۆ هاوکاریی و دابەشکردنی کارەکان دەڕەخسێنێت بە شێوەیەکی پراکتیکی بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر بە شێوەیەکی کاراتر.

5. بەرپرسیارێتی (مسؤولیة) و بەرپرسیاربوون (مساءلة)

سەبارەت بە چالاکییەکان و بەکارهێنانی سەرچاوە تەرخانکراوەکان، کارکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتیی پێویستی بە کراوەیی، بەرپرسیارێتی و بەرپرسیاربوونی دەستگا گشتییەکان و ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکانە.

6. سەربەخۆیی سیاسیی دەستپێشخەریی مەدەنی

یەکێتییەکانی هاووڵاتیان سەربەخۆ و ئازادن لە داڕشتنی ئامانجەکانیاندا، لە بڕیارەکان و چالاکییەکانیاندا. کاتێک دەستپێشخەریی مەدەنی بودجە وەردەگرێت لە دەستگاکانی کەرتی گشتیی، نابێت کۆتوبەندی سیاسی بسەپێنرێت.

7. ڕێگیری لە گەندەڵی

کاتێک شەریکی هاوکاریی گرێبەستانە هەڵدەبژێدرێت لەنێو یەکێیتەکانی هاوولاتیان و خزمەتگوزاری یان کاری تر بە یەکێتییەکانی هاووڵاتیان دەسپێردرێت، پێویستە کەرتی گشتیی خۆی بپارێزێت لە دامەزراندنی هەر پەیوەندییەک کە ڕەنگە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی گەندەڵی.

8. گەشەسەندنی بەردەوام و هاوسەنگ
لە چالاکیی و هاوکاریی دوولایەنەدا، کەرتی قازانج-نەویست و کەرتی گشتیی لە پرەنسیپی گەشەسەندنی بەردەوامی و هاوسەنگەوە دەست پێدەکەن.

9. مامەڵەی یەکسان
یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و کەرتی گشتیی ڕێز دەگرن لە پرەنسیپی یەکسانیی هەموو هاوولاتیان و یەکێتییەکانیان لە دەستگەیشتنیان و بەشداریکردنیان لە ژیانی گشتیی.

III. شێوازەکانی بەدەستهێنانی ئامانجەکان
بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی لە سەرەوە باسکران، EKAK پابەندێتی (ئیلتیزامات) و مافە سەرەکییەکان دادەنێت لە هاوکاریی کەرتی گشتیی و کەرتی قازانج-نەویست کە پەیوەستن بە دانپێدانان و نوێنەرایەتی هەردوولایەن، شەراکەتەکەیان، داڕشتنی سیاسەتەکان، بەکارهێنانی سەرچاوەکان، و ڕاپۆرتنووسین.

1. دانپێدانان و نوێنەراپەتی
یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و کەرتی گشتیی
1.1 دیاریکردنی کەناڵی گەیاندنی شەفاف و بەردەست، ئاگادارکردنی گروپە بایەخپێدەرەکان و جەماوەر،
1.2 بوار بدات کە کەرتی گشتی بەرپرسیار بێت لە بەرامبەر جەماوەر لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی بۆ یەکێتییەکانی هاووڵاتیان تەرخان کراون، مسۆگەرکردنی دابەشکردن و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ مەبەستەکانیان، شەفافییەت و ڕاپۆرتنووسین،
1.3 خۆدوورخستنەوە لە پێکدادانی بەرژەوەندییی نوێنەرەکان،
1.4 دروستکردنی بارودۆخی ئەوتۆ کە یەکێتییەکانی هاوولاتیان بتوانن نوێنەرانی خۆیان دابنێن لە دەستە و لیژنە ناسیاسییەکان، و ڕێزگرتن لەو دەسەڵاتەی دراوە بەو نوێنەرانە.
1.5 دانپێدانان بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی چەتر و تۆڕەکانی کەرتی قازانج-نەویست لە نوێنەرایەتیکردنی ئەندامەکانیان، کە نابێتە ڕێگر لە مافی یەکێتییە جیاکانی هاووڵاتیان لە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان،
1.6 دانپێدانان بەوەی هیچ یەکێتییەکی هاووڵاتیان یان ڕیکخراوی چەتر ناتوانێت نوێنەرایەتی هەموو کەرتی قازان-نەویست بکات لە پەیوەندییەکاندا لەگەڵ کەرتی گشتیی. دانپێدانانی بەرفراوان بە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی یان ڕێکخراوەکانی چەتر لە هەندێک بواری چالاکییە لەم پرەنسیپانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت لە ئەنجامدانی نوێنەرایەتیکردنەکەدا لەلای کەرتی گشتیی:

1.6.1. نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەندامەکان و لایەنگرەکانیان دەکات، پرۆسەی ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامەکانیان و ئەوانەی بەرپرسیارن لە بەرامبەریان بۆ دەستەکانی کەرتی گشتیی ڕوون دەکاتەوە،

1.6.2 هاوکاریی گەشەپێدانی ژێرخان دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی گروپی بەرژەوەندی جیاواز بدات لە دەربڕینی بیروبۆچوونیان و گەیاندنی بە دەسەلاتە گشتییەکان،

1.6.3. گەیاندنی بیروبۆچوونیان بە کەرتی گشتیی بە شێوەیەکی مەعقول و لە خشتەی کاتی خۆیدا،

1.6.4 پشتگیری لە هاوکاری نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کەرتی قازانج-نەویست.

2. شەراکەت
یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و کەرتی گشتیی:

2.1 هاوکاری لەگەڵ یەکتری بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی کراوەیی، متمانە، لێخۆشبوون، گونجاوێتی و رێزگرتن لە سروشتی دیاریکراوی یەکتری.

2.2 لە هاوکاریی یەکتریدا، گەڕان بۆ ئەوانەی نوێنەرایەتیی بازنەیەکی بەرفراوانی خەڵک دەکەن و جەخت دەکەنەوە لە مەعریفەی گونجاو و پێویستی نوێنەرەکانیان.

2.3 زانیاری پێویست بە لایەنەکانی هاوکارییەکە بدە بۆ ئەوەی پرۆسەکە کاراتر بێت، ئەگەر پێویست بێت بە وردی سروشتی نهێنیگەرایی ئەو زانیارییانە دەستنیشان بکە و جەخت لە پاراستنی نهێنییەکانی ئەو زانیارییانە بکەرەوە کە لایەنەکانی تر پێتدەدەن،

2.4 دەستکردن لە ئاستی دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشەوە، ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی خشتەی کاتی کارا،

2.5 هاندان و ئاگادارکردنی لایەنگرەکانیان، ئەندام، کارمەند و کڕیارەکانیان و جەماوەری گشتیی لە پرەنسیپەکانی هاوکاریی گشتیی، پێشەنگێتیەکانی کار، و مومارەسەی دروست و باش.

2.6 دامەزراندن و پشتگیریی هاوکاریی دوولایەنە لە ڕێی دابینکردنی زانیاری لە میدیا و لە بۆنەی گشتییدا، و خۆپاراستن لە گەیاندنی بیروبۆچوونی گشتیی نەرێنی

3. داڕشتنی سیاسەتەکان
یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و کەرتی گشتیی

3.1 هاوکاری بۆ داڕشتن، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی بواری جۆراوجۆر لە ڕێی ئەندامانی ڕێپێدراو یان نوێنەرەکان بە گوێرەی بواری چالاکی و شایستەییان،

3.2 ڕێکخستنی کۆکردنەوەی بیروبۆچوونی پێویست بۆ داڕشتنی سیاستەکان و دەستکردن بە کاری یاسایی، پێشکەشکردنیان بە دەستە ڕێپێدراوەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە گوێرەی ئەو کات و شێوەیەی لەسەری ڕێککەوتوون.

3.3 ڕەچاوکردنی ئەزموونی یەکتری لە داڕشتنی سیاسەت و دەستکردن بە کاری یاسایی و راوێژ لەگەڵ یەکێتییە جۆراوجۆرەکانی هاووڵاتیان کە بەشدارن لە قۆناغی داڕشتنەکە، و کاتی پێویستیان پێبدرێت بۆ داڕشتنی بیروبۆچوونەکانیان.

3.4 هەڵسەنگاندی کاریگەری سیاسەتە جۆراوجۆرەکان و کارە یاساییەکان لەسەر کۆمەڵگە و ژینگەکە لە قۆناغی داڕشتن و دواتریش،

3.5 زیاترکردنی شایستەیی نوێنەرەکانیان بۆ بەشداری لە پرۆسەی داڕشتن، جێبەجێکردن، و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکان.

3.6 لە داڕشتنی سیاسەت سەبارەت بە گروپە کەمینەکان، ڕەچاوی بیروبۆچوون و گۆشەنیگای ئەو یەکێتی هاوڵاتییانە بکە کە نوێنەرایەتی ئەو جۆرە گروپانە دەکەن، و بەشدارییان پێبکە لە نووسینی یاسا و لە تاوتوێ سیاسییەکاندا.

3.7 پێکەوە داڕشتن و بەدواداچوونی مومارەسەکانی هاوکاریی دروست و باش بۆ ئەوەی داڕشتن، جێبەجێکردن، و هەڵسەگاندنی سیاسەتەکان ڕێک بخەیت و بۆ بەشدارپێکردنی کەرتی قازانج-نەویست لە پرۆسەی داڕشتنی یاسادا.

4. سەرچاوەکان

یەکێتییەکانی هاووڵاتیان وکەرتی گشتیی

4.1 ئەو ئامرازانەی لەبەردەستن بەکاربهێنە بۆ هاندانی کاری خۆبەخشانە و بەشدارپێکردنی هاوولاتیان لە چارەسەرکردنی گرفتە جیهانییەکان لە ڕێی کاری خۆبەخشەوە،

4.2 جەختکردنەوە لەوەی ڕێگە لەو چالاکییانەی یەکێتییەکانی هاووڵاتیان ناگیرێت کە یاسا ڕێگەی پێداوە بۆ پتەوکردنی بناغەی ئابووری، و دانپێدانان بە ڕێزگرتن لە نهێنیگەرایی بزنس و زانیاری تری هەستەوەر.

4.3 بەرفراوانکردن و ئاشانکردنی جەماوەر بە تەرخانکردنە داراییەکە، بەکارهێنان، نووسینی ڕاپۆرت و کۆنترۆڵی پێویست لەسەر سەرچاوەی پارەکان و سەرچاوەی نا-پارەی تەمویلە گشتییەکان و ئامرازی گەشەپێدانی سیستمی پشتگیری لە کەرتی قازانج-نەویست،

4.4 بەکارهێنانی هەر هەلێک بۆ دانان و گەشەپێدانی سیستمێکی باج کە پشتگیری لە دەستپێشخەریی مەدەنی و خێرخوازی بکات لە پێناو بەرزکردنەوەی بەرژەوەندیی کەرتی بزنس بۆ پشتگیری لە چالاکییەکانی قازانج-نەویست،

4.5 بەرفراوانکردن و داڕشتنی پرەنسیپە گشتییەکان و ڕیزبەندی بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕێکخراوەکانی قازانج-نەویست و بۆ داراییکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی هاوکاری نێوان نووسینگەکانی کەرتی گشتی و یەکێتییەکانی هاووڵاتیان،

4.6 بەکارهێنانی سەرچاوە تەرخانکراوەکان بۆ مەبەستەکانیان، بە شێوەیەکی کارا و داهێنەرانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دانراوەکان.

IV. جێبەجێکردنی EKAK

1. پێشەنگێتییە درێژخایەنەکانی جێبەجێکردنی EKAK بریتین لە:

1.1 بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و ئاشنایەتی بە پەروەردەی مەدەنی و کاری هاووڵاتیان، پتەوکردنی بەشداریی دیمۆکراسی.

1.2هێنانە ئارای هاوکاریی لەسەر بناغەی پرەنسیپەکانی شەراکەی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی قازانج-نەویست، هاندان و بەرفراوانکردنی جێبەجێکردنی مومارەسەکانی هاوکاری و دروستکردنی تۆڕی هاوکاری.

1.3مسۆگەرکردنی سیستمێکی پشتگیری کە کارا بێت بۆ دەستپێشخەریی مەدەنی

2. پێشەنگێتییە کورتخایەنەکانی جێبەجێکردنی EKAK بریتین لە:

2.1 داڕشتنی مەرجە پێویستەکان بۆ کەرتی قازانج-نەویست و بەردەوامپێدانی، داڕشتنی سیستمی پۆلێنکردن بۆ یەکێتیەکانی هاووڵاتیان و بەسیستمکردنی ئامارەکان.

2.2 داڕشتن، چاکترکردن، و پتەوکردنی هاوکاری پەیکەربەندی (هەیکەلییەت)ی هاوکاری و پشتگیری.

2.3 بانگەشە و ڕیکلامی بەرفراوان بۆ رێساکانی ئاکار (قواعد السلوک)ی کەرتی قازانج-نەویست.

2.4 پێداچوونەوەی کارە یاساییەکانی پەیوەست بە یەکێتییەکانی هاوولاتیان، و ئەگەر پێویست بوو، داڕشتنی هەموار.

2.5 بەرفراوانکردنی میکانیزمەکان بۆ بەشداریپێکردنی نوێنەرانی یەکێتییەکانی هاوولاتیان لە سیاسەتەکانی گەشەپێدان و جێبەجێکردنی بواری جیا جیای یاسایی بە گشتیی.

2.6 داڕشتن، بەسیستمکردن، و چاکترکردنی سیستمی داراییکردنی یەکێتییەکانی هاووڵاتیان لە بودجەی گشتیی و ئاگادارکردنەوەی جەماوەر بە گشتیی لێی.

2.7 چاکترکردنی کەناڵەکانی زانیاری و میکانیزمەکانی وەرگرتنەوەی سەرنج و بیروبۆچوون لە نێوان کەرتی گشتی و کۆمەڵگە.

2.8 داڕشتنی ڕیزبەندی بۆ بەئەنجامگەیشتن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی هاوکاری نێوان کەرتی گشتی و کەرتی قازانج-نەویست.

2.9 بەرفراوانکردنی ستاندارد و پێوەرە گشتییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتیی و پرەنسیپەکان و ستانداردەکانی جۆرایەتی بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ کەرتی قازانج-نەویست

2.10 پشکنین و نۆژەنکردنەوەی مەنهەجی پەروەردەی مەدەنی و کەرەستەکانی مەشق، ڕێکخستنی مەشق لە کاتی کارکردندا بۆ مامۆستایانی پەروەردەی مەدەنی

2.11 دەستکردن بە پەخشکردنی بەرنامە کە دەوڵەت پارەکەی دابێت لە میدیاکان سەبارەت بە چالاکییە هاوبەشەکانی دەستپێشخەریی مەدەنی و کەرتی گشتیی، و دروستکردنی بەشێکی لاوەکی لە سێرڤەری دەوڵەت.

* * *

یەکێتییەکانی هاووڵاتیان و دەسەڵاتە گشتییەکان دەستگاکانیان بەکاردەهێنن بۆ برەوپێدان و بانگەشە بۆ EKAK و بۆ بیرۆکەکانی، بەهاکان، پرەنسیپەکان و پێشەنگێتیی کارەکانی، مافەکان و پابەندێتییەکانی لایەنەکان بە مومارەسەکردنی باش و دروستی هاوکاریی. دەسەڵاتە گشتییەکان ئاشناکردن بە بنچینە و پرەنسیپەکانی کاری یەکێتییەکانی هاووڵاتیان دەکەن بە بەشێکی تەواوکەری مەرجی شایستەیی بەرپرسەکان.

حکومەتی کۆماری ئەستۆنیا و نوێنەرانی یەکێتییەکانی هاووڵاتیان لیژنەی هاوبەش پێک دەهێنن بۆ دەستکردن بە کاری سیستمی پلانی کاری بەرفراوان بە مەبەستی جێبەجێکردنی EKAK، لە پێناو بەدیهێنانی و ڕاپەڕاندنی ئەو پلانانە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانیان.

هەموو دوو ساڵ جارێک پەرلەمانی ئەستۆنیا (Riigikogu) تاوتوێ ساز دەکات سەبارەت بە جێبەجێکردنی EKAK و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک بابەتێکی گەورەی پربایەخی نیشتمانی.